# له كوردستان چ باسه؟

**خەلێقی١٠_٢_٢٠١٤، فڕۆكەخانەی هێلسنكی**

له رەوتی بێوجانی خەباتی رۆڵەكانی نەتەوەكەماندا، هەركات دەسەڵاتی ناوەندی یەكێك لەداگیركەرانی بەشێك لەوڵاتەكەمان بێ هێز بووە، یان سەرقاڵی كێشەیەكی دەرەكی بووگە، رۆڵە شورِشگێرِەكانی نەتەوە، لەو هەلە كەڵكیان وەرگرتووە، كیانێكی نەتەوەی یان قەوارەیەكی سیاسی دەسەڵاتی ناوچەییان ڕاگەیاندووە وبەم جۆرە ویستوویانە، بەشێك لەداخوازە رەواكانی خەڵكی كوردستان دابین بكەن. ئەمە لەلایەك هۆشیاری وهەستیاری، نیشتمانپەروەران ئێمە نیشان دەدا بۆ نموونە كۆمارەكانی ئارارات وكۆماری كوردستا، لەوهەلو مەرجەدا لەدایك بوون . له لایەكی دیكەوە بە هۆی جۆراوجۆر یەك لەوانە ورد نەخوێندنەوەی بار ودۆخی جیهانی وناوچەیی و باش نەناسینی دوژمن ولەو پێوەندییەدا لەبەر بێدەرەتانی وخۆتەیارنەكردن بۆ پارێزگاری لەو ماڵە، هەركات دوژمن، هۆشی هاتووەتەوەبەرخۆی وخۆی تەیاركردووە، هێرشی كردووەتەسەر ئەو ماڵە وبێ بەزییانە، بەردی بە سەرهەردییەوە نەهێشتووە! ئەمە وانەیكە لەدرێژای چەرخی بیستەمدا، مامۆستای مێژووی پڕ لەكارەساتی كوردستان، بە گوێماندا چریكاندوویەتی، كە پێویستە، كەڵكی لێوەرگرین وبە خوێندنەوەی رابۆردوو ولێكدانەوەی دۆخی ئێستا، داهاتوو پێشبینی بكەین. ئەگەربێتوو، ئەوپێشینەتاڵانە نەخەینە تێرامانی رۆژەوی خەباتەكەمان، مێژووی تاڵ وكارەساتی تاڵتر دووپات دەبێتەوە! دووپاتبوونەی ئەوبارە، بەواتای یەكەم بەفیرِۆدانی هێز ودووەم چاندنی تۆی ناهۆمیدی لە زەین خەڵكەدایە. ئێستاجارێكیترله رۆژهەڵاتی وڵاتە پەلپەلكراوەكەماندا، دەرفەتێكی لەوچەشنە هاتووەتە پێش و رۆڵە دڵسۆزەكانی ئەودەڤەرە، شێوەیەك لە دەسەڵاتدارەتی یان خۆبەرِێوەبەریی كاتییان پێك هیناوە وناچاریشن دەبێ بۆ پێشگیریی لەپاشاگەردانی لە نەبوونی دەسەڵاتی بەعسییەكاندا، پێكی بێنن.

ئێستا، پرسیار ئەوەیە، یەكەم ئەوخەڵكە دڵسۆزە بەئەندازەی پێویست، یەكگرتوون یان هەموو هێزە سیاسییەكان وكۆمەڵگای مەدەنییان، گەیاندووتە ئەو قنیاتە كە پێكەوە وبێ كێێشە ریشەدارەكەی كولتووری كورد، بە هەورِا بۆ بەرِێوەبردن ورِاگرتنی ئەوشێوە لەدەسلات، هاریكاری بكەن؟

ئایا ئەوەیان پێشبینی کردووە کە دەسەڵاتی داهاتووی سوورییە لە هەرقاپۆڕێکدا، لە بەر ناوەرۆکی دژە دیموکراتیکی خۆی، بۆ خستنە ژێر دەسەڵاتی خۆی، هێرش دەکاتە سەرئەو کیانە وپێویستە، هەرلە ئیستاوە، ئەوخەڵک و رێکخراوانە، مشووری ئەوکارەساتەبخۆن؟

هەرچەند پر بەدڵ، پێم خۆشە، ئەو یەکگرتوویە، چێ ببێ، بەڵام بە خویندنەوەی فەرهەنگی پێکەوە نەگونجاوی کورد ومنم منانێ رێکخراوە سیاسی ومەدەنییەکان وسەرکردە وسەرۆکەکان، پێم وانییە، من بەوئاواتە بگەم! هەرلەئێستاوە چەپی کورد یان کوردی چەپ! خۆی لە دیاردە کشاندووەتەوە! ولە خەونی پێکهێنانی سوسیالیزمی ئیستالینیسمدایە! ئەویش لەو مەڵبەندە، کە بەرهەمهێنەری النصرةیە کە رشتنی خۆین وبردنی ناموسی کوردان، لای رەوایەیە و پێوایە راست رەوان شەرعی خودایە!

لێرەدا، ئەگەرێکی لاوازهەیە، ئەویش ئەوەیە کە دوای کۆتایی هێنان بەو شەڕە شوومە، لەوانەیە، زلهێزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان، نەهێڵن، ئەو هێرشە کە لەسەرەوە باسمانکرد، بێتە ئاراوە. لەوبارەدا، دوو سەناریو پێش بینی دەکرێ: یەکەم ئەوبەشە لە کوردستان بگەڕیتەوە سەرخاکی گویا یەکگرتووی سوورییە وهیچ مافێک بۆ کورد لە بەرچاو نەگیردرێ ودووەم، شێوازێک لە خۆبەڕێوەبەری بۆ کوردی ئەو دەڤەرە دیاری بکەن. لەهەر بارێکدا، ئەوەی پێویستە ئێمە لە رۆژئاوای کوردستان، بیکەین، ئەوەیە کە خۆمان بۆ هەرکام لەو ئەگەرانە ئامادە بکەین. سیاسەتوان ونیشتمانپەروەری ئێمە دەبێ لە هەڵسوکەوتی خۆیاندا یان لە وتوویژ لەگەڵ داگیرکەران، بەهەلومەرجی خۆی، خاوەن چەند شیواز وبەرنامەی بەڕێوەبەری بن کە دوژمن نەتوانێ بەتەواوی، لایەنی کوردی لە باری سیاسییەوە، چەک بکا. لێرەشدا، ولەنواندنی تاکتیکی وتوویژدا، نابی شتە ریشەییەکان، بکرێنە قوربانی ساتو سەودای ریکخراوەسیاسییە خاوەن هەژموونییەکان لەودەڤەرە. بەڵکووریشە وبناخە کە بریتییە لە ناسینی  نەتەوەیەک بە ناوی کورد وجیا لەنەتەوەکانی دەوروبەر، بپارێزری ومامەڵەی لە سەرنەکرێ. هیوادارم ئەوانەی قسەیان دەڕوا ولەودەڤەرە خاوەن پلە وپایەکی کۆمەڵایەتی وسیاسین، ئەم جارە رێگا نەدەن، رەنجە ودەرفەتەکەمان بە فیڕۆ بچن.